# گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میزکردن یان پیسی فڕێدان، بەڵکو (دروستکراون) بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میزکردن یان پیسی فڕێدان، بەڵکو (دروستکراون) بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت»، یان وشەیەکی هاوشێوەی ئەمانەی فەرموو.
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

چیرۆکێک هەیە لە پشت ئەم فەرموودەیەوە، ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک لە مزگەوت دانیشتبووین لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی ئەعرابی هات، هەستا ومیزی کرد لە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا، هاوەڵان لێی توڕە بوون، لە گێڕانەوەیەکدا: (خەڵکی لێی توڕە بوون ونەهیان لێیکرد)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (لا تَزْرِمُوهُ، دعوه) واتە: (پێی مەبڕن، وازی لێبهێنن)، ئەوانیش وازیان لێی هێنا هەتاوەکو میزی کرد، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی کرد وفەرمووی: (گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میزکردن یان پیسی فڕێدان)، بۆی ڕوونکردەوە کە مزگەوت نە بۆ سەرئاوکردن دروست کراوە و نە بۆ ئەوە دروستکراوە بە دەنگی تێیدا قسە وهاواری تێدا بکرێت، بەڵکو دروستکراون بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت، بۆیە دەبێت مسوڵمان ڕێز لە مزگەوتەکان بگرێت و لە نێویدا بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوت بکات چونکە ئەوانە ماڵی خوای گەورەن -سبحانه وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8948